# قاله گیان سوپاس .. وەڵام بە نامەکەی مام جەلال

**هونەر**

پاشی خوێندنەوەی نامەکەت مامە گیان سەبارەت بە پیرۆزبایی و ستایشی پێشمەرگەی کۆن و سمێل بۆیاخکراوی میللەتەکەمان قادر حەمە گیانەکەت ببوورە حمە جان و دەزگا و دوکانەکەی شارەوانی؛ حەپەسانێکی زۆر رووی تێکردم، بەلامەوە زۆر سەیر بوو چونکە هەتاکو ئێستا نەمزانیبوو کە بەرێزت سەیری ئەنتەرنێت دەکەیت و شت دەیخوێنیتەوە، من وام دەزانی ئەو هەموو گللەیی و گازندەیەی خەڵکی لە حیزب و دەستەڵاتەکەت بە تۆ ناگات و تۆ ئاگات هەر لێنیە! بۆیە هیچ وەڵامێکی ئەو هەموو زوخاو و دەردەی خەڵکییە نادەیتەوە، وام ئەزانی خوانەکردە خوێندەوارییەکەت لە بیرچوبێتەوە چونکە لە هەندێ ئەندامانی خۆتانم بیستبوو کە گوایە مامە هەر لەخۆیەوە رەقەم لێئەدات! بەڵام بەو نووسینەت دەرتخست کە میللەتانی هەموو جیهان بگەڕێیت کەڵە نووسەری ئاوایان نییە و مەدح و سەنای لەو شێوەیەش هیچ شاعیرێکی عەرەبی سەردەمی جاهلی پەیی پێنەبردووە! بەو نووسینە تۆ مێژووت گۆڕی و پێناسێکی ترت بۆ هێنا ئاراوە، تاکو ئێستا هەر داروەستە بە باڵای پاشا و سەرۆکەکانیان هەڵداوە بەڵام بەرێزت بە پێچەوانەوە بە سنگێکی ئەوەندە فراوان فراوانتر لە گیرفانی تۆ وکاکە قالە گیانەوە بە سەر رەعیەت و کەسانی لەخۆت نزمتر هەڵدەدەیت!

لە راستیدا من زۆر چاوەروانم کرد کە خەڵکی کوردستان بەدەم داواکەتەوە بێن و پیرۆزبایی بۆ قالە گیان بنێرن، بەڵام نازانی! میللەت چەندە بێسفەت و سپڵەن هێچیان بە قسەیان نەکردی و نامەی پیرۆزباییان بۆ ئەو خۆشەویستەی تۆ نەنارد, و دڵیان شکاندی، وەک ئەوەی گلۆڵەت کەوتبێتە لێژییەوە!

تا ئەو کاتەی نامەکەی تۆم نەخوێندبووەوە، نەم زانیبوو ئەم دلسۆزەی گەلەکەمان ئەم هەمووەی لە هەگبەدابووە! تا ئەم کاتە نەم زانیبوو کە کاک قادر وەختی خۆی لە شۆرشدا ئەوەندە دادپەروەرێکی 24 عەیاربووە و کەس بە حوکمی قەرەقۆشی ئەو و تەوری دەستی جەبارفەرمان و دەمانچە سیمسەکەی نەوشیروان بەناهەق خوینیان نەڕژاوە! تائەو کاتەی مەدحنامەکەتم نەخوێندبووەوە، نەگەشتبوومە ئەو بڕوایەی کە ئەو شۆرشگێرەی جادە خۆڵ و بزنە ڕێگەکانی جاران و قیرتاوی ئەمڕۆ؛ نیوەی سلێمانی لەسەر خۆی و کەس وکاری تاپۆکردبی، بەراستی ببورە لێم نەم زانی کە تاکو ئێستا کاک قادر لە کرێچیدایەو گیری خواردووە بەدەست ساحێب خانووەکەیەوە، بمبەخشە من کە نەم زانی ئەو درۆیە کە دەیانووت: هەژارەکانی گەڕەکی کانی سپیکە گیریانخواردبوو بەدەستییەوە و نوێنەری ئەو هەژارانەی خستنە زیندانەوە، هەر لە ڕێگەی نامە رازەوەکەت زانیم ئەو قسانەت هەموو هەقیقەتێکی موتلەقن و خەڵکی گەڕەکی ئابلاخ بوختان دەکەن کە حکومەتی هەرێمی قالە گیان زەوییەکانیان داگیرکردوون و کردوییانە بە نۆشی گیانیان و بەناوی دەستکەوتە و یارمەتی حکومەتی هەرێم داوییانەتە داروودەستە و دەنگدەرەکانیان! بم بەخشە لەم هەموو دنیای مەعلوماتییەدا ئەوەندە بێئاگابووم کە نامە سەر ئاوەڵەکەی جەنابی عالیت ئاگاداری کردمەوە کە مام قایەر ئەوەندە خەمخۆر و هونەر پەروەرە کە هونەرمەندانی کوردستان پۆل پۆل رەوانەی ئیتالیا دەکات بۆ بردنە سەری ئاستی هونەری پەیکەرتاشی لە کوردستان چونکە بیستبووم کە بە نیازە سلێمانی بکاتە میلانۆ لە بواری پەیکەرسازیدا، بە راستی لەگەل ئەم هەموو ماریفەتەیشیدا بوختانی بۆ دەکەن و ناویان ناوە حەزرەتی برایم، هەر پەیکەریک ببینیبێت

نەک بە پیک بەڵکو حەفارە و شۆڤلی بەلەدییەی تێبەردات و دەیانشکێنێت و پرسیش بە هونەرمەندەکانیش ناکات!
پێشتر وام ئەزانی کە چاڵەکانی نێو شەقامەکان، لەوحەی نەنوسراوی رێنومایی نێو شەقامەکان، ترافیکی لەکارکەوتوو، خەتی لە دایک نەبووی شەقامەکان هەموو درۆ هەڵدەبەستن و رقیان لە مامە قالەیە تاکو لای تۆ لە کێشی دابەزێنن و لە هەلبژاردنەکانی شارەوانی دەنگ نەهێنێ، لیستی ئامادەکراوی شەقامە چەندجار قیرتاوکراوەکانی لە لایەن تۆوە؛ لیستی دەلاڵە تەندەرفرۆشەکانی بیربردمەوە، پرۆژە و بینامەڕمەڕەکانی مەسئوولەکانی حیزبەکەتی لەچاوان ونکردم کە لەپارەی ئەو خەڵکە هەژارە درووستکراون. بە راستی هاورێ گدعان ی رۆژنامەنووس خانوو پرۆژە شەخسەکانی مامە قالە و ئەمسالەکانی بینی بۆیە حەپەسا و و تی: یا رئس گلال احلف بالله سليماني احلى من اورپا!
لە راستیدا بم بوورە کە دواکەوتم، کە زوو بەتەنگ داواکەتەوە نەهاتم و بە ئەرکی نیشتمانیم هەڵنەستام و نامەی پیرۆزباییم بۆ قادرەکەی لە مەڕ خۆمان نەنارد، بم بوورەو و گەلێک داوای لێبووردن دەکەم، چونکە دوای خویندنەوەی نامەکەت، خۆم سازکرد بۆ هەڵبژاردن جلە کوردییەکانم نارد بۆ ئوتوو، پەرۆ سەوزەکەی بەریەخەم جوان شت؛ جووتێ کلاشی دومیشم کڕی، تاکو بەکوردانەترین شێوە بچم دەنگ بەو پێشمەرگە دێرین و توحفەیەی گەلەکەمان بدەم! دەنگ بە کاک قادری حمە جان بدەم!
بە خوێندنەوەی نامەکەت، گەشتمە ئەو قەناعەتەی کە بەراستی غەدر لەو کاک قایەرە ئەکرێت، هەقە ئێستا سەرۆکی شارەوانی شارێکی وەک پاریس یان لەندەن بوایە، چش کە حیسەی خۆیشی لە بورجی ئیڤل و بیگ بیندا خشکەیی بەدەستدەهێنا!

مامە گیان بم بوورە، سەرەڕای ئەوەش من یەکەم کەسم نامەی پیرۆزبایی بۆ دەنێرم، سەرەڕای ئەوەی نامەکەشت کۆن بوو کەسێک نە لە شارکەی پڕ هەڵمەت و پڕ قوربانییەوە نە لە شارەکەی پڕ قەڵا و پڕ منارەوە دەستپێشخەرییان نەکرد و دوو وشەی پیرۆزباییان نەنووسی و داواکارییەکەتیان پشتگوێ خست چونکە وایان ئەزانی کە نامەکەت تەنیا بۆ حەملەی ئینتیخابات نووسراوە!

هەر لێرەوە دەلێم پیرۆزباییەکی گەرم و نەرم بۆ کاک قادر بەقودرەت!

دوبارە، داوای لێبووردن لە تۆ ، کاک قادر و جەماوەری بە شەڕەفی گەلەکەمان دەکەم کە سوپاسنامەکەم دوای هەڵبژاردن نووسی چونکە تۆ حەزتدەکرد پیش هەڵبژاردن ئەو کارە بکرایە، بەڵام خۆ هەر لە هیچ باشترە!